## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـان : ٩**
**رۆژی دەرهێنـان : ٢٠٠١/٦/٣٠**

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داواکردنـی ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەن و ئـەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨) یـدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەلاَتەش کە بڕگە (٣)ی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا :

### یاسای ژمـــارە (٩)ی ســاڵی (٢٠٠١)

**ماددەی یەکـەم :**

بڕگـە (٢)ی مـاددەی (٣٧٧) لـە یاسـای سـزاکانی ژمـارە (١١١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٦٩ ، لـە کوردستاندا لەکار دەخرێ .

**ماددەی دووەم :**

مێردی داوێن پێش (الزانی) و ئەو ئافرەتەش کە داوێن پیسییەکەی لە گەڵدا کردووە ، هـەر بـەو سـزایە حوکم دەدرێن کە لە بڕگە (١)ی ماددەی (٣٧٧)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٦٩)دا هاتووە .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاَوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com